# راپۆرتێك له هەواڵێك كه بەردەوام دووپات دەبیتەوە

ن: ئەلناز ئەنساری
و: سەعید ئەمانی

وێنەی ئەم ڕاپورتە ساڵێك لەوە پێش بڵاو كرایەوە. ئەمساڵیش هەر ئەم ڕێ و ڕەسمە لێرە بەڕێوە چوو. كەسەكانیش هەر ئەمانە بوون. منداڵەكانیش. دڵنیام كە جیاوازیەكی نەكردوە چون هەژاری هەر ئەوەیە كە بوو وە منداڵەكانی كاریش هەر ئەو تەیفەی پارەكەن. ئەمە كارەساتە ئەگەر راپۆرتە هەواڵێك دوای ساڵێكیش هەروا بایەخی خۆی لە دەست نەداوە. گوزارشێك سەبارەت بە ژیانی پڕ لە ئازاری مناڵە بچووكەكانی ئەم ولاتە. مندالانی ولاتێكی بەلالێدراو كە ئێستاش هەروا برسی و پێپەتین..... یەك ساڵ دوای نووسینی ئەم راپورتەش دڵنیام كە برسیەكانی ئەو دەم، ئەمرۆ برسی‌ترن. نەفرەت لە دەسەلات دارنی ئەو ولاتەی كە برسی‌یەتیان بەسەر برسی‌یەكان دابەش كردوە.

## راپورتەكەی سالی ڕابردوو

كاتی مناڵی بەسەر ئەبەم، تێر و پۆشتە ئەبم، وەنەوشە دەچێنم، گوڵی ئەستێرەكان دەچنمەوە، ژیان ئەبەمەسەر... "ئەگەر خەمی نان لێم گەڕێ". "خەمی نان!"، ئەگەر خەم بوایە سەردەمێك، پشتی چەماوەی پیاوێك بوو، دەستی قەڵەشاوی ژنێك، خەمی نان ڕەنج و ئازاری ساڵیانی ساڵی ئینسان بوو. خەمی نان خەم بوو خەمێكی تەواو و كەماڵ، بەڵام گەورە وبەرین. لێرە ئیتر "خەمی نان" بۆتە خەمی بچووكترین دەستەكانی ئەم جیهانە. خەمی بێ‌هێز و تواناترین پەنجەكان، بچووكترین و برسی‌ترین مناڵانی ئەم سەر زەویە ئێستا شانیان داوەتە ژێر بارس قورسی ژیانی ئەم سەردەمەو گەلێك بێ شەرمانە بار دەكرێن تا نەكا سەردەمی مناڵی بیروەریەكی شیرین بێ‌بۆیان، جیاله بەدەست هێنانی پاروەنانێك كە مژدەی ژەمێك تێری لە گەڵدایە. ئەمرۆ رۆژی جیهانی مندالانە. شادمانی لە پشت ویترینی دوكانی كەرەسەی یاری مناڵان فرۆشیەكانەوە چاو دادەگرێ. دیاری جۆراوجۆر بەسەر مناڵانی دنیادا دابەش دەبێت، كوڵمەكانیان ماچ باران دەكرێت لەم رۆژەدا و ئەگەر بۆ شەوێكیش بووبێت كات ژمێری 9ی شەو بە كۆتایی رۆژێك نازانن وتا درەنگانێك لە ئاپورەی بەشدارنی ئەو جێژنەدا سەر گەرمی شادی ویاری دەبن وسەر ئەنجام هیلاك و شەكەت، بووكەڵە لە باوەشدا، دەچنە ئامێزی خەوێكی بەختەوەرانەوە. گشتمان لەبیرمان دەچێتەوە كە، ئەو رۆژە بۆ منداڵێكی كە لەسەر هەر چوار ڕێیانێكی شارەكان خەرێكی دەست فرۆشی‌یە، یان ئەوكچە ژاكاوەی لەسەر نشینی ماشێنەكان دەپارێتەوە تا چەپكێك گوڵی لێبكڕن، یان مناڵانی واكسی و وردەنان فرۆشەكانی گەڕەكەكانمان چ واتایەكی هەیە. ئەمە ڕاستیەكی گەلێك تاڵە كە بەختەوەران لە حاند ئەم دیاردە هەژێنەرە و چارەنووسی ئەو مناڵانەدا ویژدان كوێریان گرتوە و داناچڵەكن.

## ئەمە بوو دەورانی مناڵی؟

ئێره پارکی لالەیە. ساڵۆنی سەردانەپۆشراوی ئامفی تیاتری پارکی لالەی تاران دوێنی بەدەنگ و زەنای کچانی گوڵفروش، کورانی واکسی، بنێشت فرۆشەکان و مۆسیفا ژنەکانی ئەم شارە قەرەباڵغبوو. بەرگ و لیباسەکانیان ئێستاش هەر چەور و چڵکنە، لەگەڵ ئەوەش دا کە زوربەیان هەر لە شوێنی کارە کەیانەوە هاتوون بۆ ئێرە، بەڵام لەکراسە ئاڵ و واڵەکانیانەوە دەردە کەوێ کە ئەم لیباسە چیندارانە ئەو بەرگانەن کە لە رۆژی تایبەت و بۆنەکان دا لەبەری دەکەن.

لاقە بێ کەوش و گۆرەویەکانی ئەومناڵانە لە زاری قەڵەش و برینەکانیانەوە هەزاران حیکایەتی خاك و خۆڵ و زبری شۆستە و پێچ وخەمی کووچە و شەقامەکانمان بۆ دەگێرنەوە. حیکایەتی پیاسەکردن بۆ وەدەست هێنانی قازانجی فروشتنی بەستەیەك بنیشت. دەموچاوی خۆیان رەنگاندوە تامەسەلەن بڵێن: "رۆژی جیهانی منداڵان، کە ئێمەین، پیرۆز بێت." هەشت سەد جووت چاوی بەختەوەر دانشتوون بۆ تماشای "منداڵانی کار و سەرشەقام" و هەر بەرنامەیەکی کە چوە سەرسێن، بەبەشداری ئەم مناڵانە، دەرخەری ڕەنج و ئازار و شانێکی چەماوە لە ژێر باری مەینەتێك دابووکە نەدە بوو هیچ پەیوەندیەکی بە دنیای مناڵانەوە هەبوایە، هەر چەند ئێستا ئەم ڕەنج وئازارە نموونەیە کە لە هەل ومەرجی گشت رۆژەکانی مناڵی. بە ڕاستی ئەم منداڵە کاتێك کە دەبێتە دایك، یان دەبێتە باوك دەتوانێ چۆن سەبارەت بە دنیایەکی پڕلە بیرەوەری کە پێی دەڵێن: منداڵی، بدوێ؟ ئێستا ئیتر تیاتر دەچێتە سەرسێن با بزانین منداڵی کار دەبێ چی بەمناڵەکەی خۆی بڵێ. کچێك لە سەرسێن شانۆی ژیانی رۆژانەی پیشان ئەدات. پیاوەکە دیت. دەستی منداڵەکە لە دەستە گەورەکانیدا ون دەبێت. کچەکە دەگری. دەپارێتەوە. مەئموری شارەداری جنێودەدا. کوتەك کاری دەکات. کچەکە دپارێتەوە و دەگری......

ئەمە بوو دەورانی منداڵی؟ ئەم وێنەیەمان گەلێك جار لەسەر شەقامەکان دیوە و وتوومانە: "کاری چاك دەکەن پێویستە کۆیان کەنەوە."

## ئایا ئایەندە و ئێستامان یەکە؟

پلاکاردەکان بەسەر دەستەکانەوە دەشەکێنەوە. دروشمە مناڵانەکان. داواکاریە مناڵانە و ئارەزوو گەلێکی دوورە دەست: "هیچ منداڵێك نابی کاربکات". "خوێندنی ئیجباری و بەخواریی ماف مناڵانە". "کار مەجالی مناڵی و ژیانی سەردەمی مناڵیان لێ زەوت دەکات". "گەورەترین جەنایەتی سەرمایەداری بە هرەکێشی لە مناڵانە". "هەر 12چرکە منداڵێك لە برسا دەمرێ".......

ئێستا چاولە کات ژمێرەکەی سەر دەستت کە و چرکەکانی بە ئارامی بژمێرە. هەر چرکەیەك دەنگدانەوەی ئاخرین لێدانەکانی قەلبی مناڵێکە کە تەنیا 12 چرکە تاکۆتایی، کۆتاییەکانی تەمەنی مەودای هەیە. هەر 12 سانیە مناڵێك، مەرگێك، و ئیتر هیچ....

دنیایەکی درێو و پێچەوانە. دنیایەکی کە سەرمایە داران دروستیان کردوە هیچ پەیوەندیەکی بەوانەوە نیە. بەڵام هەر 12 چرکە دەبێ یەکێکیانی تێدا بمرێ.

## کەمتر لە پەنجەکانی دەستێك

میوانیە تاڵەکەی دوێنێی پارکی لالە، کەلە سەرئەرکی "کۆمەڵەی داکۆکی لە مناڵانی کارو سەرشەقام" و "گورووپی پیشتیوانی شایستە لە مناڵان" و چەند "ئین جی ئۆ"یەکی دیکە بەرێوە چوو. ئەمیر حسێنی میربەهادۆری ئەندامی شورای هاوئاهەنگی گروپی پشتیوانی لەمناڵانی کار و سەرشەقام سەرگەرمی بەرێوە بردنی کاری میوانداری مەراسمەکەیە. روخسارە وردیلەکەی بەبینینی

هەریەك لە منالأنی كار و سەرشەقام دەكریتەوە وزەردەیەكی تێدەزێ. ئەو ژومارەی ئەو "ئین جی ئۆ" یانەی كە لەم بوارە دا خەریكی كارن، بە كەمتر لە پەنجەكانی دەستێك دەزانێ. چوارچێوەی كاریان، فێركردنی خوێندن و نووسین، شارەزایی سەبارەت بە ژیان، فێركردنی فوت وفەننی پەیوەندیە كۆمەلأیەتیەكانە. میربەهادۆری لە پەیوەند لەگەلٚ هەولە حقوقیەكان لە ئاستی دەولەتیدا و ڕاوێژكردنی هێزە نادەولەتیەكان لەگەلٚ حكومەت و ناوەندە پەیوەندی دارەكاندا دەلٚی: " هەر لە سەرەتاوە راوێژ و دەمەقالەمان لەگەلٚ ناوەندەكانی وەك ئێدارەی تەندروستی و شارەوانی و باقی شوێنە پەیوەندی دارەكان دەست پێكردوە و درێژە پێداوە. بەلأم ئاكامی ئەم وت و وێژانە ئیرایەی تەرح و پرۆژە گەلێك بوون كە هیچ كاتێك بەكردەوە دەرنەهاتن."

## خێلی منالأنی كارو لاوانی بێكار

قژە ماش و برینجیەكەی لە نەسیمێكی پایزیدا رادەژێ. "عەمووخەیات" مامی ئیفتیخاری گشت منالأنی كارە. "عەلی سادقی خەیات" یەكێك لە دلۆڤان ترین مامەكانی ئەم منالأنە لەكەنار رێ و ڕەسمەكە وێستاوە و بەگشتی منالەكان ئەلێی چاورێن خۆ لە باوەشی هاوێن، بە پێكەنینێكی منالأنەوە بە دەوروبەریدا دێن. "مامەی خەیات" كاتێ باس لە منالأن دەكات ئەلێی قسەلە دنیایەكی ڕەش و تاریك دەكات كە هەموو دانیشتوانی شار فەرامۆشیان كردوە.

دەلٚی: " هەلٚ و مەرجی ئەم منالأنە بە هیچ شێوەیەك لە تەسەورێك دا ناگونجێ كە دەمانەوێ پێی بخوێننەوە و بنووسین. ئەم منالأنە لە كارگاگەلی ژێر زەوینیدا و بە كەمترین حەق دەست كار دەكەن. كەمترین حەق دەستیان پێ ئەدرێ و بەتوندترین شێوەش دەچەوسینەوە. گشت ئەم منالأنە رەنگی پیستیان زەردە. نەخۆشی گەلێكی چارەهەلنەگر بەرۆكی گرتون. زۆربەیان تەنانەت نووری تەواویشیان پێنا گات. ئەمە هەل و مەرجێگە بۆ هیچ منالێك تە سەور ناكرێ. بە تایبەتی بۆ منالأنێكی كە تازە كۆچیان كردوە. واتە منالأنێكی نەدارتر و كەم تەمەنتر."

خەیات سەبارەت بە ئیمكاناتی یاسایی بۆ ڕزگاركردنی منالأنی كار دەلٚی:

"ئێمە هیچ یاسایەكی وامان لە بەردەست دانیە كە سەنەدیەتی هەبێ بۆ داكۆكی لەم مندالأنە. بەلأم تەنیا ڕووداوێك كە لەم سالأنەی دوایی دا پیشهاتبێت ئەوەیە كە لە نێو جەماوەردا حەساسیەتێكی گشتی هەلٚخڕاوە و ئەمەش بۆتە چەشنێك داكۆكی لەو مندالأنە. بەم حالەشەوە ئەم منالأنە ئێستاش هەر لە كوورخانە و كارگاكاندا خەریكن تەمەنی منالی خۆیان دەتوێننەوە. لە پەنای ئەم هەموو مندالأنی كارەدا، كەژومارەیان دەگاتەنزیكەی 300 هەزار كەس، ئەو گشتە لاوە بیكارەمان هەیە. پرسیار ئەوەیە بە پێچەوانەی ئەو هەموو منالی كارە بۆچی ئەو ژومارە زۆرە لاوە بێكارن؟ ئەم ناكۆكیە لە كوێوە سەرچاوەی گرتوە جیالەوەی كە چەوساندنەوەی منالأن هاسانترە."

هەر وەها لەبابەت یاسای كاری ئێستا و لە مەڕ بەرگری لەكاری مندالأن ئەلی:

بە بەرێوە بردنی ئەم یاسایە منالأنیان لە شەقامە سەركیەكان نەهێشتەوە و پالیان پێوەناون بەرەو قەراخی شارەكان و كوچە و پەس كوچەكانی بازار و شەقامی مەولەوی وناسر خوسرەو. خەیات دەلٚی بە پێی دەرامەدێكی كە سازمانی دابین كردنی بیمەی كۆمەلأیەتی هەیەتی بە هاسانی دەتوانێ ئەم مندالأنە بگریتە ژێر چەتری حیمایەتی خۆیەوە و لأنی كەمی پێداویستیەكانی ژیانیان بۆ دابین بكات. "سەرەرای هەر تەفسیر و تەعبیرێكی كە لە هەل و مەرجی ژیان و كاری منالأنی كار و

سەرشەقام بکرێ، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر بوونی هەیە و نابێ چاوپۆشی لێبکرێ ئەویش ئەوەیە کە لە نیزامی سەرمایەداریدا منالان زۆربە هاسانی دەچەوسێنەوە.